عائیشە پرسیاری لێکرا: ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەوە چی ئەنجامدەدا؟ ووتی: مرۆڤێک بوو وەکو هەموو مرۆڤەکانی تر؛ جلەکانی پاک دەکردەوە، ومەڕەکەی دەدۆشی، وخزمەتی خۆی دەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پرسیاری لێکرا: ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەوە چی ئەنجامدەدا (چی دەکرد)؟ (عائیشە) ووتی: «مرۆڤێک بوو وەکو هەموو مرۆڤەکانی تر؛ جلەکانی پاک دەکردەوە، ومەڕەکەی دەدۆشی، وخزمەتی خۆی دەکرد».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- خێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەوە چی ئەنجامدەدا (چی دەکرد)؟ ئەویش (عائیشە) ووتی: مرۆڤێک بوو وەکو هەموو مرۆڤەکانی تر؛ جلەکانی پاک دەکردەوە (جلەکانی ڕێکدەخست وپاکیانی دەکرد بە لابردنی پێچکە وشتی ئازاردەر لەسەریان)، وپەزەکەی (بزنەکەی یان مەڕەکەی) دەدۆشی، وخزمەتی خۆی دەکرد، وئەم کردەوانەی وەکو نمونە باسکرد لە هەندێک لەو کردەوانەی کە لە ماڵەوە ئەنجامیدەدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10973